# کورتەسەرنجێك لە مەڕ ڕۆمان

جەزا چنگیانی



دەتوانری لە دووجەمسەرەوە سەرنج بخەینەسەر رەوتی پیشکەوتن و پرفامبوونی جەمسەرەکانی ویژە (ئەدەب) . ویژە بەپوختی بریتیە لە دەربینیك بۆ ئاوزان، هەست، ویستەکان، خەونەکانی مرۆڤ لە بەرگیکی جوانوانی (ئیستاتیکا) ئەرکی رەنگکردنی ئەمویستانەش لە سەرە تادا بە .

١) هونراوە (شیعر) سپێنرا، تا ماوەیەکی زۆر هونراوە توانی خەونەکانی مرۆڤ لە ئەستۆ بگرێت و تینوی هەستە گرمۆلەبەوکانی ناخی مرۆڤ بشکێنێ. وەلێ کە گرفتەکان قەبە بوون ویستەکانی مرۆڤیش زیادیکرد، لە توانای هونراوەدا نەبوو ئەو هەموو ئەرکە هەلْبگرێت بویە مرۆڤ هەولْی دۆزینەوەی جەمسەریکی تریدا تا بتوانی خەمەکان ویستەکانی لە ئامیز بگریت یانی جوغزیکی فراوانتری هەبی چونکە ویستەکانی مرۆڤ فراوان ببوو، بەم شیوەیە جەمسەری دووەم.

٢) چیرۆك هاتەبوون ئەرکی چیرۆك لە هونراوە زیاتربوو ئەویش لەبەر ئەوەی تەنیا ئەرکی جوانوانی نەخستە ئەستۆی بەلکە ئەرکی تومارکردنی رووداوەکان و جوانوانی پیکەوە لکان. رۆحی چیرۆك گیرانەوەیە، گیرانەوەی رابووردوەکان، دواجار گیرانەوەی رووداوە (نا رووداوەکان) ئەوانەی لە لۆژیکدا روویان نەداوە و بەلام لە فەنتازیاوئەندیشەی نووسەردا بەشیوەی (رابووردو داهاتوو) دەیانگیریتەوە. مادامیکی ویستی مرۆڤ سنوری نیە، کەواتە تا سنوری ویستەکانی مرۆڤ فراوانبی دەبی کەنالْەکانی دەربرینی ویستی مرۆڤیش فراوان بیی، چیروکیش لە ماوەیەکی کەمدا توشی هەمان قەیرانی تەسکی دەربرینی هونراوە (شیعر) بوو، نەیتوانی بەتێری ویستەکانی مرۆڤ لە ئامیزبگریت رۆمان لە رۆحی پیویستی ویستەکانی مرۆڤدا سەریهەلْدا. ئاسان نیە سەرهەلدانی ڕۆمان دەستنیشان بکرێت. بەلام قۆناغەکانی گەشەکردنی تاڕادەیەکی زۆر و باوەڕپێکراو، لەمێژوودا دیارە، لەکۆتای سەدەی هەژدەهەمداو بەتایبەتی لە تەك لەدایك بوونی چینی بۆرجوابی بەریتانی. ڕۆمان گەشەکردنێکی بالای بەخۆوە بینی، بەپیێ بونیادی ئابووری و داب ونەریت وکولتوری ئەو چینە بەشیکی زۆری ئەندامانی خیزانەکانیان و بەتایبەتی ئافرەتانیان لەمالەوە و بەهۆی بوونی (ئافرەتی کارکەرە) وە ئەندامیکی مشەخۆری بێ بەرهەم بوون و کاتیکی زۆریان هەبووە، لەو سەردەمەشدا ئامرازەکانی کاتبەسەربردن (تەلەفزیوین و ڕادیوی) وەکی پێویست و ئەم سەردەمە بلاو نەبوو بۆیە بۆ بەسەربردنی کاتیان ڕوویانکردۆتە ڕۆمان خوێندنەوە، بەمەش ڕۆمان بازاڕێك و جەماوەریکی دەولەمەندی لەدەور کۆبۆوە، لای هەموانیش ئاشکرایە کە هیچ بازاڕێك بێ زەمکردنی ئابووری (منافەسە) نابێ و نەبووە

بازاڕی ڕۆمانیش لەم دیاردەیە دانابڕێ، زەمکردن لەنووسینی ڕۆماندا لە ڕووی ئایدۆلۆژیەیەوە و کێشەکانی کۆمەلگاوەشەقاوی بەرچاویدا نووسەران توانیان هاوبەشیەکی تەواوی ڕوداوەکان بکەن و ئاوڕ لەکێشە سیاسیەکان و گرفتەکانی کۆمەل بدەنەوە دەکرێ ئەم جۆرە هەلوێستانە وەك چالاکیەکی سیاسی تیبرِوانریت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقەی نووسەر و خەمی نەتەوەکەی ,ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیەوە دەزگا چاپەمەنیەکان ڕەوتێکی گرنگیان لەم دۆزی بەگژاچوونەدا بنیی.

شۆڕشی پیشەسازی کۆمەلگای ئەوروپی بەرەو کۆمەلە پرسیارێك برد ناچاریکردن باوەش بۆپڕۆسێسکی میکانزمی بکەنەوە و سیستەمی کۆمەلایەتی و شێوەی بەرهەمهێنان و بیرکردنەوەی خەلکی بگۆڕێ، ویژە (ئەدەب) کە بەرهەمی بیکردنەوەی مرۆڤە لەم دیاردەیە نەك قووتار نەبوو بەلکو ویژە و بەتایبەتی ڕۆمانووسان شان بەشانی بیردار وفەیلەسوفان و ڕووناکبیرانی بوارەجۆربەجۆرەکانی بزووتنەوە میکانزم وەکی (کانت، نیشتە، هیگل، مارکس، شتیڤان بۆڕ) ڕۆمانوسانیش وەك چەمکێکی ئەو بزوتنەوەیە و بەرهەمی کۆمەلگایەگی پیشەسازی هەرزەکار شەقاوی دەنا .

(پێویستە نووسەر هەمیشە لە ڕۆانگەی ڕاستیەکانەوە ئایندە مسۆگەربکات) ئەمە بیردۆزێك بوو ڕۆمانووسان و ویژەوانی (ئەدەبیاتی) ئەوروپی بەرەوهاوبەشی بوونێکی شۆڕشی کۆمەلایەتی برد، ئاوڕدانەوەیان بۆ گرفت وکێشە تاقانەکان ئەرکێکی سەرەکیان بوو لە تەك



www.kurdistannet.org

ڕچاوکردنی چمکە ویژەییەکان و پاراستنی ئیستاتیکای نووسین، دەکرێ نووسەر وەك ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی، سیاسی نەبێ وەلێ دەکرێ لەبەرهەمەکانیا کێشە سیاسیەکان بەسەر بکاتەوە . بۆیە دەتوانین ڕێبازی (ریالیزم)

وەك ڕێبازێکی ئەدەبی شۆڕشگێڕی بۆ بەرەنگاربوونەوە و ئاشکراکردنی چەوتایەتیەکانی کۆمەل ودژایەتیکردنی سیستەمی سیاسی وگەندەلکانی کۆمڵایەتی و پاشماوەی ڕەوشی ئەرستۆکراتی و فەنتازیایی سەرمایەداری لاو هاتە مەیدانەوە،بۆیە لاوە ئەم ڕێبازە ئەدەبیە (ریالیزم) بەچمکێکی شۆڕش یان بزوتنەوەی فکری کۆمەلگای ئەورووپی دابنرێ.سەرهەلدان وپیادەکردنی ئەم ڕێبازە ویژەییە و بەتایبەتی لەئەلمانیا دەتوانرێ سالانی (١٨٤٨تا١٨٨٠)دابنێن و

١) کریستۆف فرایتاك ١٨١٦\١٨٩٥

٢) فریدلیش هێبل ١٨١٣\١٨٦٣ دوونووسەری چالاکی ئەم ڕێبازە بوون

مادامێکی ویژە بەری چالاکی مۆخی مرۆڤە و مرۆڤیش وەك بوونێکی زیندوو لەژێرکاریگەری گۆڕانکاریەگانی ئابوری و تەکنەلۆژیادا هەمیشە لەگۆڕاندایە بۆیە لۆژیکە بەرهەمی مۆخیشی لە گۆڕاندایە ئەم تەوژمە ویژەییە لەسنوورێکی دیاریکراودا قەتیس نەبوو و توێژالێکی تەنکی لێجیابووەوە چەند نووسەرانێکی ڕادیکال تیاندا پەیدابوون بروایان وابوو دەبی مرۆڤ چ زووترە بە ئازادیەکانی بگات کە پیانوابوو (ئازادیش لە ڕاستیەکانەوە سەرهەلدەدا) و دیاردە گەندەلەکانی کۆمەل گەورەترین نەگبەتیە کە کۆمەلگا ئیفلیجدەکات بۆیە زۆر ڕادیکالانە دژی دەوەستان، خەباتیاندەکرت بۆ بەسروشتکردنی ژیانی کۆمەل ناوی خۆیان نابوو (ناتۆلیاتیزم) ئەم تەوژمەش لەسالی ١٨٨٠ تا سالی ١٨٩٠ دەتوانرێت بەسالی چالاکیان دابنرێ

١) گێهارت هاوبتمان *

٢) هێرمان زویدمان تیدا چالاك بوون، دوای ئەم قۆناغە (زیمبۆلزم) هاتە بوون، فەلسەفەی هەلگرانی ئەم ڕێبازە (کورتکردنەوەی نووسین وچڕکردنەوەی مەبەستەکان) یانی دژی درێژداڕین بوون لەنووسیندا دەیانویست بەکەمترین ڕێگەو بەخێرای مەبەستەکانیان بگەینەخوێنەر . دەلوێ ئەم سێ ڕێبازە ویژەبی بەچمکێکی بزوتنەوەی هزری کۆمەلگای ئەورووپی دابنرێ

بێگومان لەئەنجامی داخوازی کۆمەل وململانیی نووسەر و ویستی بازاڕ و لە نیوان ئەم سێ ڕێبازەشدا ڕێبازی (ڕیالیزم) بەپێوە مایەوە . تووشی ئەو هەرەسانە نەبوو کە ڕیبازەکانی تر تووشی هاتن، دەتوانین تا ئەم ساتەشمان ئەم ریباز بە بەربلاوترین ڕیبازی ویژەییە دابنێن نەك لە بواری ڕۆمانوسیندا بەلکولە بوارە جوربە جورەکانی تری ویژە و هونەر،ئەو ڕۆمانانەی لەم چەند سالەی دوایەدا خەلاتی نۆبلیان پیدراوە زووربەیان سەر بەم ڕێبازەن (نجیب محفوز، ساراماگۆ، مارکیز، گونتەر گراس) .

شیوەیەکی تری ڕۆمان ڕۆمانی دیرۆکی ( Der Historische Roman

ڕۆمان یان نۆڤلی دیرۆکی بریتیە لە گیرانەوەی ڕووداوە میژوویەکانی کۆمەلگایەك، نەتەوەیەك، کەسیك، خیلیك ... بۆنمەونە نۆڤلە نویکەی گونتەر گراس ڕەوتی قرژال ( IM KREBSGANG

دەچیتە خانەی نۆڤلی دیرۆکییەوە .

ڕۆمانی (نیشتمانی ئەنفال) ی فائق محمد حسین بریتیە لەگیرانەوەی کارەساتی سیاسی باشوری کوردستان، ڕۆمانی (چۆن گەیشتمە لای خوا)ی خاوەنی ئەم ووتارە، تیکەلاویکیە لە ڕۆمانی دیرۆکی و ریالیزمی ڕۆمانسی و گیرانەوەی بەشیك لە دیرۆکیکی تارادەیەك پشتگویخراو و میژووی ئەنفال .

ڕۆرمانە نویەکەی نووسەری کوردی (باکوری کوردستان) حیدر عەشق ( Die Vernichtung von Dersim (قەلاچۆکردنی دەرسیم) گیرانەوەی ڕوداوە دلتەزینەکان ویرانکردن و کاولکردن وبە کۆمەل کوژی ناوچەی دەرسیمی باکوری کوردستان بە خوینەر ئاشنا دەکات .

ڕۆمانی (کچی پاشای میسر) ی ( Eine agyptische Konigstochter (Gorg Ebers 1837، 1898

لە جۆری ڕۆمانی دیرۆکییە

بونیادە هونەریەکانی ڕۆمان :

www.kurdistannet.org
16-7-02 01:33:29

١ ) گرێچنین ٢ ) زمان ٣ ) بابەتیان کێشەکانی ناو ڕۆمانەکە :

١ ) گرێچنین : یانی ڕێکخستنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان ، سەرکەوتوترین ڕۆمانووس ئەوکەسیە کەبتوانی لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆوە پەلی ئارەزوو و حەزی خوێنەر بگرێت و تا دوا ڕستەی ڕۆمانەکەبەبێ وەڕزی بە ئامانجی ڕۆمانەکەی بگەیەنێ ، ڕۆمان وچیرۆکنوونسین وەك کێشانی تابلۆیەکی هونەری وایە ، چۆن هونەرمەندێکی شیوەکاردەبێ پارسەنگ وڕێکخستنی ڕەنگەکان بەشیوەیەکی وا بەکاربهێنێ کەچاوی بینەر لە بینینی ڕەنگ و سەرجەم وینەکە ماندوو نەبێ ، ئاواش ڕۆمانوس وچیرۆکنووس دەبێ زۆر هوشیارانە مامەلە لەتەك ووشە و ڕستە وواژەکان بکات و بەشێوەیەك بەیەکەوەبیانلکێنێ کە حەزی خوێنەر ماندوو نەکات ، جیاوازی نیوان کێشانی کیشەیەك لەتابلۆیەکدا بەڕەنگ لەتەك کێشانی کێشەیەك لە ڕۆماندا بە ووشە تەنیا (موسیقایە )هونەرمەندی شیوەکار ناتوانی بە ڕەنگ و فلچە موسیقا لە تابلۆکەیدا ببزوێنێ (بجولقێنێ) وەلێ ڕۆماننوس دەتوانی وەزنێکی تەنکی هونراوەی موسیقایەکی تەنك بەدەوری ڕستەکاندا بئالێنێ و ئەم وەزن وئاوازە هونراوەییەی ناو ڕۆمان ڕۆحی خوێندنەوەی خوێنەر ئارامدەکاو حەزی خوێندنی بالآ لەبەر ئەوەی ڕۆمان ڕۆحی گێڕانەوەی تیدایەئەگەر بێتوو ڕۆمانووس توانا و شارەزایەکی سەرەتایشی لە هونەری سیناریۆ هەبێ دەتوانی بۆ ڕازاناوە و ئاسان تێگەیشتنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە وئاشناکردنی کەسایەتیەکانی دەتوانی کەلك لە هونەری سیناریۆی وەرگرێت ، ڕاستە سیناریو هونەریکی مەزن و تایبەتە بە پسپۆڕانی بواری خوی وەلی نووسەری بەسەلیقە دەتوانی بە تەنکە سیناریویەك ڕۆمانەکەی بکاتە ژووریکی ئاوێنە بەند وخوێنەر هەمووڵایەنەکانی ڕووداو وکەسایەتی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی نیشانی خوێنەری بدا پێکهێنەرەکانی تری ڕۆمان شوێن ، کەژ ، حەز ، هەست ، تەکان ، ماچ ، چێژ ، ڕەنگ ، دەنگ ، هەناسە ، ختوکە ، چرپە ناسکەکانی ڕۆحی سێکس ، تام ، گەرمی وساردی . بەم شیوەیە ڕۆحێکی بزیوو چالاك بداتە ڕۆمانەکەی .

٢ ) زمان و بابەت : زمان وبابەت دووپێکهێنەری ڕەسەنی هونەری ڕۆمانووسینە .

بابەت ؛ ئەم ڕەسەنایتیەش بەپیێ باروودۆخ و دۆزی سیاسی و کۆمەلایەتی دەگۆڕدرێ ، مادامێکی کورد دۆزێکی ئارام وژیانێکی سەربەستی نیە هەمیشە بونیادە مرۆڤی و نەتەوەیی ونیشتمانیێکەی ڕووبەڕووی بڤە دەبێتەوە بۆیە دەبی ڕۆماننووسی کورد هەمیشە خۆی لەبەرەی بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەو ترس وبڤەکانی داگیرکرانی کوردستان ببینیێتە ، بۆیە ئەرکی ڕۆماننووسی کورد لەئەرکی ڕۆمانووسی میللەتێکی تر جیاوازە ، جگە لە ئەرکە ئەدەبی و جوانوانیێکەی (ئیستاتیکا ) ئەرکێکیی نەتەوایەتی ومرۆڤایەتی و مۆڕالی بەرامبەر تراجیدیایی میللەتەکەی وپاراستنی کەلەپوور وکەرەسە میژوویەکان وسامانی ووشە لە هزری مرۆڤی کورد ومیژوودا ، بۆیە ڕۆمانووسی کوردلە جارێك زیاتردەژی_ جارێك لە ژیاندا ، جارێك لەڕۆماندا ، جارێك لەمیژوودا )لە نیوان ئەم هەمووئەرکەدا ململانێ پێنووس دروست دەبێ . کێ یە؟ ئەو بەختەوەرەی خزمەتی زووربەی کۆمەڵ بکات ، کە داماوەکانی کۆمەلگا لە ڕاستیە تالەکان ، لەئەوینە سوتاوەکان ، لە هیوا سەوزەکان بگەیێنی ؟کەواتە دەبێ ڕۆمانووس زور وریانایە بابەتێك هەلبژیری کە زووربەی مرۆڤەکان خویان وگرفتەکانیانی تیدا ببینن .

زمان ؛ زمانێك و ووشەگەلیك بەکاربهێنی کە خوێنەری سادە بەدنیای خۆی ئاشنابکات خوێنەرێك ئەوینی نووسینێ لەباوەشدەگرێ کە ووشەکانی ئازارەکانی بلاوێنێتەوە ، لە ئاوێنەی ڕووداوەکانیدا چەرمەسەرێکانی ڕۆژانی خوی ببینێ نووسەرێك وابکات ئەوە خۆشەویستی شارێ وولاتێ ، میللەتی لە ئامێزدەگرێ ، پیچەوانەکەشی گەر ڕۆمانوس لەمیاسایە هەلنووتی وزمانی نوخبەی هەلبژارد ئەوە بریاری هەلواسینی ووشەکانی خوی بەدەستی خوی دەدا .

ساراماگۆ : لە تەمەنی (٥٨ ) سالێەوە دەستی بەنووسین کرد سەرچاوەی نوسینەکانی ئەوچایخانە ومەیخانە وشوێنانە بووکە کەسانی چینی بنەوەی کۆمەلگای پرتوگالی تنیدا ڕۆژانی بیکاری و نەگبەتیان تیا بەسەر بردووەبەسەرهات و زمان و گرفتەکانی نیو ڕۆمانەکانی گشتی لە ئەرشیفی ئەوخەلکەی بنەوەی کۆمەل هەلهێنجاوە .

ڕۆمانی (سەد سالٚ تەنیای ) مارکۆز بابەتێك بوو کە لە دەرگای گرفتی چەند ملوێن مرۆڤی (تەنیا )ی وولاتەکەی دەدا و تەکانێك بوو بۆ (نۆبل )ەکەی ، کە مافیاکانی کۆلۆمبیا دەستیانخستە خوێنی چەندەها نووسەر وسیاسەتمەدار هونەرمەندەوە و دەولەت ویاسا و پۆلیس لە ئاستیاندا داماو بوو ، مارکۆس بەتنیا و پێنووسەکەیەوەلە ڕۆمانی (هەوالی فڕاندن ) وەلامە بڤەکانی ملوێنەها کەسی میللەتەکەی دایەوە

www.kurdistannet.org
16-7-02 01:33:29

لەتەك بەڕێز (یەشار کەمال) داچاوپێکەوتنێکم سازدا بۆ مانگنامەی (هەتاو) ، جگە لەوەی زۆر دڵخۆش بووم بە ئاشنا بوونی کەڵنووسەرێکی کورد وەکی ڕۆژنامەنووسیکی عەجولیش پرسیارە مەبەستەکانی خۆمم ئاڕاستەکرد کە پوختەیان لە مەڕ بابەت و شێوەی نووسین و ووشەی ڕستەکانی بوو : ووتی من بەزمانێك دەنووسم کە زمانی زوربە بێ ، ووشەیەك بەکارنا هێنم بەخوێنەر نامۆ بێ ، بابەتەکانم بابەتی ئە خەڵکەیە ، کە سەرچاوەی زۆریان (دایە پیرە وبابە پشت چەماوەکانی کوردە ) بەم شێوەیە بۆتە پارێزەری ڕاستیە مێژوویەکان ، بۆیە نووسەرێکی کەڵی وەکی _ گونتەرگڕاسی ) ئەڵمانی لە کاتی خوێندنەوەی ووتارێکدا بە هویێ بەخشینی خەلاتی پەرنوکخانەکانی ئەلمانی لە (پوڵ کێرشەی ) فڕانکفۆڕت گووتی من تائێستا تورکیام نەبینیوە وەلێ لە ڕۆمانەکانی یەشارکمال لەوە هەمووتورکیا دەبینیم . کێ هەیە (دایکی میکسیم گۆرکی ) نەخوێنیتەوە وقۆناغی مێژووی میللەتێك نەبینیی ، کی هەیە ؟ ڕۆمانی (شاری ) حسن عارف نەخوێنێتەوە و سلیمانی کۆن نەبینی . کێ هیە ڕۆمانی (ئەلوەن وئەمبەر و ئەوبەری ) سەلام عبدالله نەخوێنێتەوە بلێ خانەقینی چاورەشم زیارت نەکردووە ؟ یان جووتە نۆڤلیتی (زیندە بەچاڵ ) و (چیمەنی ژاکاوی ) ی ئەنوەرموحەمەد نەخوینیتەوە و لە یەکەمیاندا مێژوویی تالی سالآنی شووم و خویناوی ٦٣ و پاشتری کوردستان و بەتایبەتی ، زیندەبەچالی شاری سلیمانی و لە دووەمیشیاندا ، وینەی شیواوی کەرکوك و دیمەنی دزیوی ریگاوبانەکان و سەرچەم ژیانی بندەستی و راستەقینەی تالی مێژوویی بیرنەکەویتەوە و یان تەنانەت خوینەریکی نامۆیش ، خەیالی ئەو وینە خویناوی ورەش و شوومانە نەکاتەوە ؟

خالێکی گرنگی تری ڕۆمانووسین (بڤەی دووبارە بوونەوە ) یە : دووبارە بوونەوەی ڕستە و واژەو ووشەکان یان چەپکە نۆتەیەیەك لە سەمفۆنیا ، شانۆ ، هونراوە ، ئۆپڕادا لایەنێکی بەهێزی جوانتوانی (ئیستاتیکا ) بەرهەمەهونەری و ویژەییەکەیە . وەلێ لەنووسینی ڕۆماندا دووبارە بونەوە نەك لایەنێکی جوانوانیە بەلکو وەڕزکەری خوێنەرەودەبێتە بار بەسەرئارەزووی خوێنەرەوە ، چونکە خوێنەر تادەگاتە کۆتای ڕۆمانەکەبەدوای کارەسات وڕووداوی نۆێدادەگەڕی ئەگەرەکووزهنی خوێنەر لەڕۆمانێکداچەندجارێ بەدووبارە بوونەوەی ڕستەیەکدا هەڵنووتی ، ئەوەهەنگاوی هزر کورتدەکاتەوە پێشئەوەی بگاتە کۆتایی ڕۆمانەکە لێکدەنی و جارێکی دی ئەودالێ بەرهەمی نوێ نوسەرەکەی نابێ .

ڕۆمانی کوردی

١ ) کێ ڕابەری ڕۆمانی کوردی یە ؟

٢ ) ڕۆمانی کوردی لە چ ئاستێکدایە ؟ بوونی دەوڵەت جگەلەوەی پاڵپشتی بەهامرۆڤایەتیکانە لەپاڵیشیا بزوێنەروپاڵپشتی وزەو تواناو بەرهەمەهزری وبونەوەری ناو ئامێزی دەوڵە ، کورد لەبەرئەوەی خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی یانی (دەوڵت ) و زمان ورێنووسێکی یەکگتووی نیە ، وەلاّمدانەوەی ئەودوو پرسیارانە گەلێك دژوارە ، بەشێکی مەزنی نیشتمانەکەمان لە باکوردا بە پیتی لاتینی دەنووسن ، یان بەزمانی تورکی ئەم دۆزەش بۆتە قەتیسبوونی تواناکانی ڕۆمانووس لە وبەشەدا وبێئاگایخوێنەری کوردی بەشەکانی تری کوردستان . لە ڕۆژهەلات وباشووردا ئەگەرچیش گرفتی ڕێنووس و دیالێکتمان نیە وەلێ گرفتی نەبوونی دەزگایەکمان هەیە کەتایبەت بێ بە بلاوکردنەوەو دابەشکردنی ڕۆمان و بلاوکراوە کوردیەکان ، ئەمە جگە لەوەی نووسینی ڕۆمان لەلای کورد مێژوویەکی قوڵی نیە وخوێنەریشی دەگمەنە لە بەر ئەوە بازاڕی کەمەوبەم هویەشەوە گەشەکردنی تاڕادەیەکی زۆر لاوازە چونکە ئەوبنەمایانەی بوونەتە هوی گەشەکردنی رۆمان لە ولاتانی ئەورووپیادا بەتایبەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی چینی بورجوای ئینگلیزی و ئەورویی و سەرمایە کە لە ڕاستیدا ڕۆمان بە ئەدەبی بورجوا دادەنرێ ، لەلای خۆمان بەهوی نەبوونی قەوارەی سیاسی وە چینەکانی کۆمەڵگای کوردەواریش وەك پێویستیەك لەقۆناغەکانی مێژوودا گەشەی نەکردوە بویە ویژەی هزری وویژەی چینەکانیش بە شیوەی سروشتی لە دایك نەبوون ، گەر سەرنجێك لە چالاکی ڕۆشنبیری کوردی بدەین بەتایبەتی بۆاری چاپکردن و بلآوکردنەوە دەبینین هونراوە لە ویژەی کوردیدا پانتایەکی فراوانی داگیرکردوە کە دەزانرێ هونراوە ویژەی سەردەمی فودیالە ، ئەو سەرنجەی لەسەر هونراوە لە وولاتانی جیهانی سیەم وهەژار هەیە لە تەك سەرنجی وولاتانی ئەوروپا و پیشەسازی بۆ هونراوە دەبینین جیاوازیەکی بالآ هەیە لە کۆمەڵگاکانی ئەورویی بازاڕی ڕۆمان گەرمترە وەك لە هونراوە ئەمەئەوەناگەیەنێ بەم پێشەکیە نکولی لە ڕۆمانی کوردی و ڕێزی ڕۆمانووسانی کورد قارسبکەم نەخێر بەڵکو ووتنی ڕاستیە ، ئەمانەو ئێستامان کوردێکی زۆر لە هەندەرانە وتیاندا کۆمەڵی نووسەر و و هونەرمەندانی گەلێك

بەتوانیان تیدا هەڵکەوتوە وەلێ لێرەشدا قەیرانی نەبوونی پردی پەیوەندی و ڕۆشنبیریەلە نیوان کوردستان و هەندەراندا لەگەڵ ئەوەیشدا سوپاس بۆ جەماوەری ڕەشوڕووتی کورد و ڕەوەمێژووینەکەمان وا ماوەی (١٠) ساڵە باشووری کوردستان لە نینۆکی بەعس پاککراوەتەو کورد دەسەلاتداره تواناو پارەیەکی خەیاڵیش هەیە کەچی تائێستا دەسەلاتدارانی باشور دەزگایەکی وایان دروست نەکردوە تا کوردی هەندەران وکوردستان لە بەرهەمی یەکتری ئاگاداربن یان دەزگایەکی ڕۆشنبیری نەتەوەی وادرووستبکەن کە ئەرکی کۆکردنەوەی بەرهەمی هونەری وفکری ئەدەبی وزهنیەکانی مرۆڤی کورد وەك سامانێکی نەتەوەی بە بێ گوێدانە ڕەوتی ئایدۆلۆژی نووسەر ئەرشیفبکات. گەر تیڕوانینێك لە ڕۆمانی ئەوروپی سەدەکانی پێش و پاشی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپی بدەین دەبین ڕووداوەکانی ئەو دووقۆناغە پانتایەکی فراوانی لەبابەتەکانی ڕۆمان داگیرکردوە وئەمەش خالێکی پۆزەتیفە و پەیوەندی بە ڕەسەنێتی کەسایەتی ئەوروپی و هوشیاری ڕۆمانووسەوە هەیە ، لێرەدا دەتوانم زۆر بە ئازادانە وبێ زیادڕەوی جەغت لەسەر ئەوەبکەم کەمیللەتی کورد دەوڵەمەنترین میللەتی جیهانە لە مەڕ بابەتی ڕۆمان، مادامێکی سەرچاوەی هەمووبەرهەمە هونەری و ویژەییەکان هۆش و سۆز و هەست و بەسەرهاتەمێژوویەکا بن ، ئەوە ئەو خەرمانە ڕووداوە تراجدیانەی بە بالای مێژووەکەماندا براوە پڕە لە مەلۆی بەنرخی ڕۆمان. کێ هەیە نکۆلی لە (١٨٢) هەزار ڕۆمانی ئەنفال بکات ؟ کێ هەیە (٨) هەزار ڕۆمانی بەرزانیەکان و (٤) هەزار ڕۆمانی ڕمانی دیهاتەکانی باکوری نیشتمانمان و سەدەها ڕۆمانی چاوگەشی ڕۆژهەلات و باشووری بچوك بەڕۆمان دانەنێت؟

- سەرچاوەکان ؛ Dr. E. Brenner
Deutsche Literaturgeschichte
- DER SPIEGEG Nr 6\4. 2002
- الاتجاه القومی فی الروایه ، د . مێیفی عبدالغنی



www.kurdistannet.org